# کۆری هەلومەرجی عیراق و کوردستان و ریگا چارەی کارساز
# لەشاری هاملتۆنی کەنەدا کۆتایی هات!

ئەمرۆ 2004/12/26 تەشکیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەشاری هاملتۆن لەکەنەدا کۆریکی سازدا، بۆ هەردوو هاوریان ( نوری بەشیر، ئەندامی کۆمیتەی ریکخراوی دەرەوەی حزب و دلیر اسماعیل، نوینەری کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ).




سەرەتا نازەنین علی کە کۆرەکەی بەریوەدەبرد، بەرنامەو باسی کۆرەکەو هاوریانی ناساندو پاشان نوری بەشیر، لەسەر هەلومەرجی عیراق و کوردستان و سیناریۆیەکی رەش کە پاش شەری ئەمریکاو داگیرکاریەکەی بەوجودی هیناوەو کۆمەلگای لەبەردەم ئایندەیەکی رەشتر و شەری هیزە تیروریستیەکان و دەسەلاتداریتی رەشی هیزە قەومیو ئیسلامیەکانی سەر بەئەمریکا راگرتوە، لەدریژەی باسەکاندا نوری بەشیر ئیشارەی دا بە هەلبژاردنی چەواشەکارانەی حکومەتی عەلاوی ئەمریکا دژ بەخەلکی عیراق و کوردستان، وە ریگا چارەیەك کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بۆ دەرچونی کۆمەلکا لەو هەلومەرجە خستەروو و رۆشن کردەوە.

پاشان دلیر اسماعیل لەسەر ریفراندۆم لەکوردستاندا پیش هەلبژاردن و هینانە مەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستان بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان و بەشداری نەکردنی خەلکی کوردستان لە هەلبژاردنی عیراقدا تا چارەنوسیان رۆشن دەبیتەوە بەدورودریژی باس کرد.

بەدوای باسەکانی ئەم هاوریانە، بەشدار بوان بە پرسیارو دەخالەتیان کورەکەیان بۆ ماوەی سێ کاتژمیر دریژە پیداو رۆشنکردنەوەی زۆر لەسەر پرسیارەکان درا.

کۆمیتەی کەندا

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق